
# نامەکانی فەرهاد پیرباڵ



**گۆشەیەکی ئەرشیفییە ، تێیدا دکتۆر فەرهاد پیربال لە ئەرشیفی خۆیەوە ئەو نامانە بلاودەکاتەوە کە لە نێوان ئەو و نوسەر و رۆشنبیرەکانی کوردستاندا ئاڵوگۆر کراون ، گرنگی ئەم نامانە لەوەدایە هەریەکەیان حاڵەتێکی مێژوویی ، سیاسی، کۆمەڵایەتی سەردەمێکی دیاریکراو دەگێڕنەوە .**

## نامەی دکتۆر جەمشیدی حەیدەری

### لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ دانیمارک بۆ فەرهاد پیربال

18/1/1986

● برای خۆشەویست کاك فەرهاد

رۆژباش ....

داوای لێبوردن دەکەم کە وەڵامی نامەکەت دواکەوت، بەڕاستی کاتم زۆرکەمە، چەندەها نامەم بۆ هاتووە، ڕێگا نییە وەڵامەکان بنووسمەوە، تەنها لە هەفتەی ڕۆژێك (شەموان) وەڵامی نامەکان دەدەمەوە، ئەویش بەنۆرە.

زۆرم پێخۆشە کە ئێوە لە دانیمارکن و ڕزگارتان بووە لە دۆزەخی عێراق و ئێران.

لەبارەی کاك دلاوەر بەڕاستی ئەوەی من پێمکرا کردم، بەڵام هیچ چارەی تر نییە، تەنها چاوەڕوانی دەعوەتەکەی سوریا بکات، من لەو ماوەیەدا لەگەڵ برادەرێکی پارتی گەل کە خۆی خزمی کاك دلاوەرە قسەم کردووە، ئەویش ئاگاداری کردمەوە کە مەسەلەکەی لە سوریاوە جێبەجێکراوە.

مەسەلەی خوێندن لە سۆڤیەت و وڵاتانی سۆشیالیستی جگە لە هەنگاریا تەنها لەڕێگای پارتە سیاسییەکانی عێراق و کورد دەکرێت، ئەوەی ڕاستی بێت هەر لەڕێگای حیزبی شیوعی عێراقییەوە جێبەجێدەکرێت، ئەگەر پێوەندیت هەیە لەگەڵ یەك لەو پارتە کوردانە و عێراقییانە، بێگومان دەتوانی لەڕێگای ئەوان کارەکە جێبەجێبکەی. بەڵام بۆ هەنگاریا پیاو دەتوانێ لەسەر حیسابی خۆی بخوێنێ. ئەوەی ڕاستی بێت خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە سۆڤیەت پێشکەوتووە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لە وڵاتانی تریش ئەو کارە جێبەجێ بکات، ڕێگایەکی تر هەیە، لەوانەیە بۆ ساڵی داهاتوو بۆت بلوێ، ئەویش ئامۆژگای کوردی لە پاریس هەر ساڵی لە 6 ـ 8 زەمالەیان هەیە بۆ خوێندکارانی کورد، لە فەرەنسا، یۆنان، ئیتالیا، جا کە داواکەیان بلاوکردەوە، پێویستە پێوەندییان لەگەڵا بکەی، منیش ئەگەر زووتر زانیم، ئەوە ئاگاداریت دەکەم، دەتوانی لە داخوازییەکەت من بە پشتگیر و ناسیاوت دابنێیت، لاموایە، ئێستا ئەوە تەنها ڕێگای واقیعە.

دەربارەی شانۆنامەکەی ستڕانبێری – Streinberg، دەتوانی فۆتۆکۆپییەکەی بۆم ڕەوانە بکەیت، منیش برادەرێك تەکلیف دەکەم، ئەو بەراوردێکی دەقە کوردییەکە لەگەڵ سوێدییەکە بکات. ئەوەی بە خۆشم پێمبکرێت بەسەرچاوان. زۆرم حەزدەکرد نەختێك باسی هەولێر و کاك مومتازم بۆ بنوسی تا بزانم چ ڕوویداوە، کە مومتاز هیچ وشەیەکیش بۆمان نانوسێ.

ئیتر سلاو و ڕێزم بۆ برایانی لای ئێوە.